# گەشتی «ئووژین فلاندین» بە ناوچە کوردنشینەکاندا

لە فەڕەنسییەوە بۆ فارسی: حسەین نوورسادیقی
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

(١- ٢)

**ئاماژە**

ئووژین فلاندین (١٨٠٩- ١٨٨٩ز)، وێنەکێش و گەڕیدەی فەڕەنسایی لە ساڵی ١٨٤٠ز، هاوڕێ لەگەڵ «پاسکاڵ کۆست» ی نژیاروان و بیناساز، بۆ کاری نیگارکێشی، لە لایەن دەوڵەتی فەڕەنساوە لە سەردەمی محەمەدشای قاجار (١٨٣٤- ١٨٤٨ز)، هاتووەتە ئێران و ماوەی دوو ساڵ زیاتر لە ئێران ماوەتەوە. ئووژین فلاندین جیا لە دەستکەوتی وێنەکێشی، توانی ڕاپۆرتی ماوەی گەشتەکەی لەژێر ناوی «سەفەر بۆ ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤٠- ١٨٤١ز» بنووسێتەوە کە لێرەدا دوو بەشی سەفەرنامەکەی کە پێوەندی بە کوردەوە هەیە، لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هەڵبەت جێی ئاماژەیە کە جیا لەم دوو بەشە، لە چەند بەشی تری سەفەرنامەکەیدا، سەبارەت بە کورد بابەتی تێدا هاتووە، بەڵام ئەوان لە ئاستێکی زۆر کورت و سەرپێی دان.

**بەشی یەکەم:**

**دەرکەوتن لە ورمێ، قەرەپەپاخەکان، کوردستانی ئێران، سابڵاغ، سەقز، بانە، پەڕینەوە لە سنووری تورکیا***

ڕێکەوتی پازدەی جۆزەردان، هەر لە شازادە مەلەک قاسم میرزا بەراییمان خواست، لە ورمێ وەدەرکەوتین. شازادە دەرحەق ئێمە میهرەبانی زۆر نواند، تەنانەت خزمەتکارێکی خۆی لەگەڵمان

ڕاسپارد کە تا سابڵاغ هاوڕێییمان بکا. چوار ساڵی خایاند تا دووبارە گەیشتینەوە جیران (١). سبەی لە قەراغ گۆلی ورمێوە بەڕێ کەوتین، وەزعی زەوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و مەزرای کێڵدراو کەمتر بووەوە. کوردەکان جێی تیرەکانی ئەفشار دەگرنەوە. بۆ حەسانەوە چووینە گوندی سەمەرتوو و دیزەج؟ (٢)، بەڵام کۆخێکمان نەدۆزییەوە؛ چونکە زۆربەی ماڵەکان بە شێوەی کەپر سازکرابوون. ئێستا هەوا گەرم بووە و هەر کارێک بمانەوێ دەتوانین بیکەین. خزمەتکاری شازادە پێی گوتین دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ؛ چون ناوچەکە ئەمن نییە.

لە سەمەرتوو کە تێپەڕبووین، وردە وردە گۆلی ورمێ لەبەرچاو بەرپێوار بوو. دوای چوار کاتژمێر، بە مەڵبەندی قەرەپەپاخەکان (٣) گەیشتین. خەڵکی ئەم ناوچەیە، لە گورجستانەوە هاتوون و نزیکەی دە ساڵێکە لێرە نیشتەجێ بوون. حاکمی ئێران دەشتێکی بەربڵاوی بەناو سەڵدووز پێ بەخشیون کە زۆر بە بەروبوومە.

چەند ئەستێرێک لە چەند شوێنی ناوچەکە هەیە کە لە لافاوەکان ئاو دەخۆنەوە. زەوی ئێرە، زۆر بە پیت و بەرەکەتە. شەو بەرەو گوندی ئاغابیگلوو؟ (٤) بەڕێ کەوتین، کە ڕێگاکەی بە چۆمێکدا تێدەپەڕێ کە یەکێ لە ڕووبارە پڕ ئاوەکانی ئێرانە. بەهۆی پانایی چۆم و خێرایی ئاوەکەی، ماوەیەکی زۆر بە لایەوە ڕاوەستاین تا بزانین چۆن لێی تێپەڕ بین. ئەگەر بمانویستایە لە چۆم بپەڕینەوە، باری قاترەکانمان هەموو دەخووسا و وڵاغەکانیشمان نوقم دەبوون، کەوابوو هەوڵەکانمان بەزایە دەچوو؛ هەر بۆیە دانیشتووانی ناوچە گوتیان لەخۆڕاوە خۆتان ماندوو مەکەن، ڕێ لادەن و لە لایەکی ترەوە بڕۆن، بەڵام قاترچییەکان



ئووژێن فلاندین

کە عەرەبی بەغدا و پیاوگەلێکی بە ورە و ئازا بوون، لە بڕیاری خۆیان پاشگەز نەبوونەوە و لە ئاکامدا کارێکی سەیروسەمەریان کرد کە ئێمە سەرمان لێی سووڕما؛ ئەویش بەم جۆرە بوو کە باری قاترەکانیان لە پشت خۆیان بەست و دایان لە ئاوی چۆم و پەڕینەوە.

بەم جۆرە، بێ مزەڕەت، بارگە و بنەکەیان بۆ پەڕاندینەوە، پاشان هەوساری ئەسپەکانیان گرتین و ئێمەشیان بەم شێوەیە، بۆ ئەو بەری چۆم پەڕاندەوە. دواجار گەیشتینە ناو گوندی ئاغبولاغ کە خەڵکەکەی بە گەرموگوڕی میوانداریان لێ کردین.

سبەی بەڕێ کەوتین، بە تەنگەڵانێکی تەسک و کوێستانیدا تێپەڕبووین تا چووینە ناو چیاکانی کوردستانەوە، دوای پێنج کاتژمێر گەیشتینە دۆڵێک کە لە ڕووباری دێبوکر ئاوی دەخواردەوە. لە قەراغییەوە شارۆچکەی «سابڵاغ» (٥) سازکرابوو کە وەک دیارە هۆی ناولێنانی سابڵاغ، بەسۆنگەی ئاوی سووک و ساردەوەیە کە لە کێوە پڕ

بەفرەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم شارە لە نزیک سنووری ئێران هەڵکەوتووە و زۆربەی خەڵکەکەی کوردن، هەروەها چەند بنەماڵەی کلدانیش لەوێ سەقامگیر بوون.

لەلایەن شازادە مەلەک قاسم میرزاوە، نامەیەکمان بۆ خودادادخان پێ بوو، کاتێ پێمان دا، بە شەوقەوە وەری گرتین و لە هەر بارێکەوە میوانداریێتی کرد.

هەستی ملۆمۆ هەڵی پێچاین تا زیاتر لە ورەی دانیشتووانی سابڵاغ تێ بگەین. سەرەنجام بۆمان دەرکەوت کە خەڵکەکەی حەز ناکەن فەرەنگی سەردانی وڵاتەکەیان بکا، هۆکارەکەشی ڕوونە؛ چون ئەم شارە لە نێوان چیا دایە و بەدەگمەن ئەورووپی پێدا تێ دەپەڕێ، هەروەها چون لەسەر ڕێگای بەغدا بۆ تەورێز هەڵکەوتووە، کاروانەکان بەهۆی ڕێی چەتوون و توندوتیژیی خەڵکەکەی، کەمتر بەوێدا هاموشۆ دەکەن. دەوری شار، بە هۆزی کورد و عەرەب و ئێزیدی، (٦) کە تا ڕادەیەک خۆسەر و دەشتەکین، گەمارۆ دراوە کە لە هەلومەرجی جیاوازدا خەریکی کوشتن و تاڵانوبڕۆن؛ هەر بەو هۆیەش زۆربەی ئەو ڕێبوارانەی کە دەیانەوێ لە ئێرانەوە بۆ بەغدا بچن، ڕێی خۆیان دوور دەخەنەوە و بە ڕێگای کرماشاندا دەڕۆن.

کەمێک دەترساین کە تووشی گیروگرفت بێین، بەڵام پشتمان بەخودا بەست و دوای ئەوەش شازادە مەلەک قاسم میرزا بووبووە پشتیوانمان و ڕاسپێرنامەی بۆ هەموو سەرۆک هۆزەکان ناردبوو؛ کەوابوو دەمانتوانی بە خاترجەمی و بێ مەترسی لە سنووری وڵاتی ئێران تێپەڕ بین.

بە هۆی ڕاسپێرنامەی شازادەی ورمێ، خودادادخان کوردێکی خەڵکی سەردەشتی کردە پارێزەرمان، بەڵام قاترچییەکان گوتیان ڕێگا چەتوونە و نەفەرێک کەمە، هەر بۆیە خان تکای کرد ڕۆژێکی تر لە سابڵاغ بمێنینەوە تا کەسێکی تر بدۆزینەوە. لەم ڕووەوە، ڕۆژی نۆزدەی جۆزەردان لەم شارە ماینەوە و ڕۆژی بیستەم بەسەرپەرشتی گەورەی گوندێکی هەڵکەوتووی سەر ڕێمان، بەڕێ کەوتین.

گەیشتینە مەڵبەندێکی کێوەڵان کە ناوچەی کوردستانی پێک دێنا. هەر ڕۆژ بەرەو سەرێ هەڵدەکشاین و پێچوخەمی دۆڵە تەسکەکانمان دەنا پشت سەر کە قەرار بوو ئێمە لەم زنجیرە کێوانەوە بە دەشتە ویشک و گەرمەکانی دووچۆمان بگەیەنن. ئەم ناوچە کوێستانییە لە ڕواڵەتدا زۆر خۆڕسکە و خەڵکی بەدەگمەن لێ بەدی دەکرێ، بەو حاڵەش ئاوایی زۆری بەسەرەوە بوو. بێ مەترسی، لە بورهان، یاڵاوا و مەمەکەند؟ (٧) تێپەڕ بووین و گەیشتینە قەرەکەند (٨)، سەرۆکی ئەم گوندە چون دیتی بەگ و نوێنەری حاکمی سابڵاغمان لەگەڵە، تا توانی میوانداریی کردین و ئەوەی گەرەکمان بوو دەسبەجێ ئامادەی کرد. خۆشی بۆ دیمانەمان هات و لە هەر بارێکەوە هاوڕێیەتی و یەکڕەنگی و میوانداریێتی نواند. وەختێ ویستمان پارەی خەرجەکانی بۆ بگەڕێنینەوە، نێوچاوانی تێک نا و ڕەنگی گۆڕا. ئێمەش وامان بەباش زانی دیارییەکی ئاراستە بکەین تا قەرەبووی خەرجەکانی بۆ بکاتەوە.


لە قەرەکەندەوە تا سەرا (٩)، کە سبەی لەوێ گیرساینەوە، هەموو شوێنێک ئاوەدان و پڕ جەماوەر بوو، دوازدە تا چاردە گوندی لێ هەڵکەوتبوو. داوێنی پڕ گژوگیای کێوەکان، دیمەنێکی جوانیان بە ناوچەکە بەخشیبوو. زەویوزاری ئەم ئاقارە بەبڕشتە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردەکان لەگەڵ کشتوکاڵ نێوانیان

نییە، زەوییوزارەکان هەر وا بە نەکێڵدراوی ماونەتەوە و بێجگە لەوەی بەشێوەی خۆڕست ڕواوە، چیتر وەبەرچاو نایە.(١٠)

لێرەوە تووشی بازرگانێکی سابڵاغی بووین کە چەند قاتر، بارەکەیان بۆ ڕادەگوێست، تکای کرد لەتەکماندا بێت تا زەرەرێکی تووش نەیەت و بە هاسانی سەفەرەکەی کۆتایی پێ بێنێ.

گوندی سەرا، زێدی چاوساغەکەمان عەزیزبەگ بوو کە لەوێ میوانداریییەکی باشی لێکردین. زۆر پێداگریی کرد کە چەند ڕۆژێک لەوێ بمێنینەوە، بەڵام قبووڵمان نەکرد، پاشان براکەی تا شارۆچکەی «سەقز» (١١) لەگەڵمان نارد. ڕاسپێرنامەکەی بۆ حاکمی سەقز، زۆر بە کەڵکمان هات. بەهۆی ئەم نامەیەوە، حاکم نەفەرێکی کردە هاوڕێمان. تا میرەدێ (١٢) چەند جار لە چۆمی جەغەتوو (١٣) پەڕینەوە. گەورەی ئەم گوندەش بەو پەڕی شەوقەوە ئێمەی وەرگرت و ئەوەی گەرەکمان بوو، بۆی جۆر کردین. ئەم هەڵسوکەوتە دڵنەرمانە منی زۆر سەرسام کرد. من بۆچوونێکی تەواو جیاوازم سەبارەت بە کوردەکان لەلای خۆم سازدابوو، بەڵام پێشوازیی گوندە کوردنشینەکان، مەعلوومیان کرد کە ئەوەی لەبارەی کوردستانەوە دەنگۆیە و کاتی دەرکەوتن لە تەوریز بۆیان باس کردبووین، هیچی یەکی نەدەخوێندەوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بوترێ کە پێشوازی لێمان، زیاتر بە سۆنگەی ئەو ڕاسپێرنامانەوە بوو کە لە ورمێ و سابڵاغ پێیان دابووین. لە کوردستان سەرۆکی هۆزەکان، واتە بەگ، یان ئاغای گوندەکان، زۆر لە لای یەک ڕێزدارن، کەوابوو بۆمان دەرکەوت هەر ڕێبوارێک کە ڕاسپێرنامەی پێ بێ، دەتوانێ بە هاسانی درێژە بە سەفەرەکەی بدا.

لە میرەدێ کە دەرکەوتین بە زنجیرەکێوێک گەیشتین کە پێچەوانەی چۆمی جەغەتوو بوو، ئەوەندە هەڵکشاین تا بە بەخان (١٤)، واتە سەرچاوەی چۆمەکە گەیشتین، پاشان بە دۆڵێکدا شۆڕ بووینەوە کە ڕووبارێکی پێدا دەڕۆی و لە نزیکی، هاوینەهەواری گوندی بانە هەڵکەوتبوو. دوایە گەیشتینە دەشتێک کە سەرانسەری سەرسەوز و تێراو بوو. بەڕەژە (صمغ) و داربەڕوویەکی زۆری هەبوو. تا ئێرە ڕاسپاردەکانی خودادادخان و بەگەکانی دیکە بە کەڵکمان دەهات، کەچی لێرە بەدواوە، بێ کەڵک بوون و دەبوو تەگبیرێکی تر بکەین. ئەم ناوچەیە لە شوێنی برگەی دوو وڵاتی تورکیا و ئێران، لە نزیک سنوورەکانیان هەڵکەوتبوو. خەڵکەکەی سەرکێش و سەربەخۆن؛ نە لە سوڵتانی عوسمانی فەرمان وەردەگرن، نە پێڕەوی دەوڵەتی ئێرانن. سەرۆکی بانە (١٥)


106714

VOYAGE

EN PERSE

DE MM.

EUGÈNE FLANDIN, PEINTRE, ET PASCAL COSTE, ARCHITECTE

ATTACHÉS A L'AMBASSADE DE FRANCE EN PERSE

PENDANT LES ANNÉES 1840 ET 1841

ENTREPRIS

*PAR ORDRE DE M. LE MINISTRE DES AFFAIRES ÉTRANGÈRES*

D'après les instructions dressées par l'Institut

PUBLIÉ

SOUS LES AUSPICES DE M. LE MINISTRE DE L'INTÉRIEUR

TOME II

RELATION DU VOYAGE

PAR

M. EUGÈNE FLANDIN

PARIS

GIDE ET J. BAUDRY, LIBRAIRES ÉDITEURS

RUE DES PETITS-AUGUSTINS, 5

1851

نەیدەزانی چۆنمان ڕەوانە بکا تا مەترسییەک ڕووبەڕوومان نەبێتەوە. لەئاکامدا تا دوا شوێنی قەڵەمڕەوەکەی، ئێمەی خستە ژێربالی خۆیەوە و ویستی لەوێشەوە سی- چل تمەن بە باڵوێزێکی ئینگلیزی بدەین تا ڕێ نیشاندەر و پارێزەرمان بێ، بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر بارەوە، مەرگمان پێ باشتر بوو لەوەی بچینە ژێر پشتیوانی کەسێکەوە، بۆیە سەرەڕای هەڕەشە و ترساندنمان بە چەتەی چەکدار، ملمان نەدا وەها کارێکمان بۆ بکا. ئاخری بێ ڕێ نیشاندەر و پشتیوان لە سنووری ئێران تێپەڕین.

بۆ کۆتا بیرەوەری کە بمانەوێ لە ئێران باسی بکەین، ئەوەیە کە بڵێین گوندی بانە ئەوەندە سەرنجڕاکێش نەبوو کە دوای چوونە وڵاتێکی تر، بۆی بەداخەوە بین. ئێمە هێشتا لەژێر کاریگەریی زۆر تاڵی دیمەنێک بووین کە بەیانی کاتی دەرکەوتن لەم گوندە تووشی هاتبووین. شەو گەیشتین بە بیستار (١٦)، کە هەوەڵین وەستانگەی مەڵبەندی دەوڵەتی عوسمانی بوو.

**بەشی دووەم:**

**گەیشتن بە کوردستانی تورکیا، سلێمانی، ئەحمەدپاشا، کفری، گەیشتن بە بەغدا، وەسفکردنی ئەم شارە، گرینگایەتییەکەی**

ئاغا عەبدولڕەحمان بەگ، حاکمی بیستار، بۆ خۆی بووە میواندارمان و هەرچی پێویستمان بوو بۆی دابین کردین، ئیتر لەم شوێنەوە تا بەغدا گوند، یان شارێکمان نەهاتە سەرڕێ و شەوانە لەبەینی ڕێگادا دەخەوتین. ئاسمانی ساو و مانگەشەو، ئێمەی لە مانەوەی نێو کاروانسەرا و مەنزڵ، پاشگەز دەکردەوە. لە بیستار کۆخێکی گەورەیان داینێ کە زۆر ڕێکوپێک و جوان بوو. کۆخەکە لە قامیش و پەلکی دار چێ کرابوو؛ گەڵای دارەکان دیمەنێکی شادیهێنەریان پێ دابوو، ئەوەندە گەورە بوو کە خۆمان و ئەسپەکانمانی تێدا جێ بووەوە.

میوانداراەکەمان سبەینێ بەیانی هات بۆ دیمانە و براکەی خۆی کردە ڕێ نیشاندەرمان. بەزوویی دەستەیەکی ترمان لەگەڵ کەوت، ئەوانە میرزایەکی کەرکووکیان (١٧) لەگەڵ بوو کە زۆر زوو لەتەکمان هۆگر بوو، دەیگوت دەترسام بەتەنیایی ئەم ڕێگایە ببڕم. ئەمڕۆ بە ناوچەیەکی پڕ بێشەدا تێپەڕ بووین کە پێیان گوتین بە دەست جەردەکانەوەیە و زۆر مەترسیدارە. دیمەنی، وای نیشان دەدا کە لە هەر بارێکەوە بۆ جەردەکان کار ڕێکخەرە. بە ئارخەیانی ڕێمان دەبڕی، کەچی قاترچییەکانمان دەست بە تفەنگەوە، ئامادەی بەرگری بوون تا پەلامارمان نەدەنەسەر. بەختەوەرانە لە ئەگەری بەڵا، ڕزگار بووین و بە ئاسوودەیی بە مامخالان (١٨) گەیشتین کە دەوروپشتی پڕ لە داری ڕەز و زەوی کێڵدراو بوو. وام بیر دەکردەوە کە ئێرە شوێنگەیەکی زۆر ئاوەدان بێ، بەڵام بەداخەوە بێجگە لە کۆمەڵێک کەلاوە، شتێکم لێ بەدی نەکرد و بەوەش سەرم سووڕما. پەنایەک نەبوو تێیدا بحەسێینەوە، هەر بۆیەش ناچار داڵدەمان بۆ سێبەری دارەکان برد.

ڕۆژی دواتر، پاش تێپەڕبوون لە هێندێک کێو و دۆڵ، گەیشتینە «سلێمانی». ئەم شارە لە داوێنی باشووری چیاکانی گۆیژە (١٩) هەڵکەوتووە کە لە باکوورەوە بە کێوگەلی بەرزی کاردۆخ، یان کوردیان (٢٠) دەلکێ و لە باشوورەوە بە زنجیرەکێوی گەورەی زاگرۆسەوە وەدەنووسێ. سلێمانی لە جۆرێک دەشت، یان دۆڵی پاندا هەڵکەوتووە کە لە هەر لاوە بە دەربەندی قووڵ دەورە دراوە. ئەم شارە یەکێ

لە شارەکانی کوردستانە و شوێنی پاشایەکی تەواو سەربەخۆیە کە لەژێر فەرمانی دەوڵەتی عوسمانیدا نییە. وڵاتی سلێمانی، ناوەندی شەڕی بەردەوامی نێوان ئێران و عوسمانییە و هەر کام لەو دوو دەوڵەتە، وا نیشان دەدەن کە ئەم ناوچەیە و دەوروبەری هی ئەوانە. مێژوو نیشانی داوە کە ئەم ناوچەیە، هێندێ جار هی ئێران و هێندێ جار هی عوسمانی بووە، تا ئەوەی سەرەنجام خەڵکەکەی کەوتنە بیرەوە، کە خۆیان یەک لا بکەنەوە و لە هەر دوو دەوڵەت جیا ببنەوە.

ئەحمەدپاشا کە نیشتەجێی سلێمانییە، ماوەیەکی زۆر هەوڵی دا تا خۆی لەژێر فەرمانبەرێتی هەر دوو دەوڵەت ڕزگار بکات. سەرەتا وەک باوپیرانی لە پاشای بەغدا فەرمانبەریی کرد، بەڵام دوایی دەرکەوت کە مەبەستێکی دیکەی لەسەردا بووە و ویستوویەتی بەتەواوی سەربەخۆ بێ. ئێستا سلێمانی تەواو بووەتە ناوەندێکی نیزامی، کاتێ لە شار نزیک بووینەوە، هۆبەیەکمان بینی کە دوو سێ هەزار جەماوەری تێدا بوو. زۆرم هەوڵ دا بزانم بە چ مەبەستێک ئەم جەماوەرەیان کۆوە کردووە؛ تاقمێک وتیان دەوڵەتی تورک ئاگادار بووەتەوە کە متمانەپێکراوی (معتمد) مەنووچێهرخان، بەرەو ئەم دیوە لەشکری کێشاوە، هەڵبەت ئەم قسەیە لە ڕەوتی ڕووداو و مێژووی سلێمانی بەدوور نییە و پێویستە هەستی مەترسیان هەبێ و هێزەکانی خۆیان ڕێکوپێک بکەن.

هەر گەیشتینە سلێمانی، دەست بەجێ ئەو نامەیەی وا بۆ پاشا نووسرابوو، گەیاندمانە دەستی. پاشا ئێمەی لە گەورەترین ماڵی شاردا جێ دا. هێشتا تەواو نیشتەجێ نەبووبووین کە ئەفسەرێکی پاشا هات بۆ سەردانمان و لە لایەن ئەوەوە بەخێرهاتنی کردین و هەرچی گەرەکمان بوو بۆی دابین کردین، پاشان کەسێکی تر هات و پێنج تمەنی بۆ خەرجومەخاریج داینێ کە زیاتر لە شەست فرانکی دەگرتەوە، هەرچەندە لەم ناوچەیە ئەم پووڵە زۆر بە بایەخە، کەچی ئێمە قبووڵمان نەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی پاشا لێمان دڵمەند نەبێ، ڕامانسپارد خۆراکێکمان بۆ ساز بکا؛ دەستبەجێ ئەوەی خۆمان و کاروانەکەمان پێویستی بوو، ئامادەی کرد و بۆی ناردین.

ئێوارێ بۆ بەجێ هێنانی سپاس و پێزانین، چووینە خزمەت پاشا. دیمان نۆبەتێی هەیە و لە ناوەڕاست خێوەتەکەی ڕاکشاوە. سەرەڕای لەش گرانی زۆر و لێبڕانی هێزی جموجووڵ، بەو حاڵەش لە فەنگەلی نیزامی (مەشقی سەربازی)، خۆی نەدەبوارد و سەربازەکانی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی و بڕیاری نیزامی، هان دەدا. پاشامان زۆر شەڕانی هاتە بەرچاو. ئەو سەبارەت بەو هێزانەی وا کۆوەی کردبوو بڕوایەکی پتەوی هەبوو. ئەوەندە خاوەن ورەی نیزامی و هۆگر بە کاری چەکداری بوو کە سەربازەکانی بەردەوام لەحاڵی فێربوونی فەننی نیزامی، بەتایبەت ڕاهێنان و بارهێنان بەشێوەی ئەرتشی (سوپا)ی ئەورووپا بوون. (٢١)

**پەراوێزەکان:**

١. Djeïran

٢. Sanmourty . Diza؛ وەرگێڕی فارسی «ساموورتی و دیزا»ی نووسیوە.

٣. Karapapaks؛ وەرگێڕی فارسی، «خاراپایک»ی نووسیوە، بەڵام «قەرەپەپاخ» دروستە کە لە تورکیدا بە مانای «کڵاو ڕەش»ـە.

٤. Agabegly: وەرگێڕی فارسی «ئاغابیگلی»

نووسیوە.

٥. Soauk-Boulak؛ ساوجبلاغ.

٦. Yezidis؛ وەرگێـڕی فارسـی «بایەزیـدی» نووسـیوە.

٧. Bourân, Yalava, Mamakent, Karakent؛ وەرگێڕی فارسـی «مەماکـن»ی نووسـیوە.

٨. Kara-kent؛ وەرگێڕی فارسی «خاراکن»ی نووسیوە.

٩. Séráh؛ وەرگێـڕی فارسـی، «سـەراه: سێ ڕییـان»ی نووسـیوە.

١٠. هەڵبـەت بەپێچەوانـەی ئـەوەی وا لێـرەدا بـاس کـراوە، هێندێـک لـە گەڕیـدەکان بـە کشـتوکاڵی کـورد ئاماژەیـان کـردووە، بڕوانـە: فرامـرز آقابیگـی، کـرد در سـفرنامەها (از صفـوی تـا پایـان پهلـوی)، چ اول، تهـران، انتشـارات ایـران شناسـی، ١٤٠٠.

١١. Sekkiz؛ وەرگێـڕی فارسـی «سـکیز»ی نووسـیوە.

١٢. Miređèh

١٣. Tchakatou؛ وەرگێڕی فارسی «چاکاتو»ی نووسیوە.

١٤. Khân

١٥. Bânah؛ وەرگێـڕی فارسـی «بنـاه»ی نووسـیوە.

١٦. Bistar

١٧. Mirza de Kerkouk؛ وەرگێـڕی فارسـی، «میـرزای پیـر»ی نووسـیوە.

١٨. Mamakalan؛ وەرگێڕی فارسی، «ماماخالن»ی نووسیوە.

١٩. Khoïdjáh

٢٠. Kardouks ou des Kurdes

٢١. لە پێشـەکیی دیوانی نالی، ڕوونکردنەوەیەک لەمـەڕ غەزەلێکی نووسـراوە کـە گۆیـا پێوەنـدی بە ئەحمەدپاشـاوە هەیـە و وتەکانـی ئووژیـن فلاندێـن پشتڕاسـت دەکاتـەوە: «غەزەلـی: ئـەم تاقمـە مومتـازە کـەوا خاصـەیی شـاهن / ئاشـووبی دڵـی مەملەکـەت و قەلبـی سـوپاهن — هەمـووی بریتییـە لـە پیاهەڵـدان و وەسـف کردنـی تاقمەسـوپایەک. دەبـێ ئـەو سـوپایە سـوپای کـێ بووبـێ ئەگـەر هیـی سـلێمان پاشـا، یـان ئەحمەدپاشـای کـوڕی نەبووبـێ، بەتایبەتـی کـە کتێبەکانـی مێـژوو دەڵێـن ئـەم ئەحمەدپاشـایە سـوپایەکی ڕێکوپێـک و تـازە بابەتـی پێـک هێنـاوە. جا نازانـم (نالـی) لەکاتـی دەسـتەڵاتی ئەحمەدپاشـادا لـە سـلێمانی ماوەتـەوە و ئـەو سـوپایەی بـە چـاوی خـۆی بینیـوە و وەسـفی کـردووە، یـان پێـش ڕێکخسـتنی، سـلێمانی بەجـێ هێشـتووە و باسـەکەیان بـۆ گێڕاوەتـەوە و دووربـەدوور تەعریفـی کـردووە، یـان مەبەسـتی سـوپای سـلێمان پاشـای باوکییەتـی کـە لـە ١٢٣٤ک/١٨١٨ز تـا ١٢٥٤ک/١٨٣٨ز، حوکمڕانیـی سـلێمانیی کردووە؟!» (نالـی،١٣٦٤: ٢٧-٢٦).